sbey Research

# دیموکراسی لە مەترسیدا؛

## سەرهەڵدانی بێباکیی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

کرۆکی سیاسەتی دەرەکی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ئاداری2026



## دەستپێشخەری

پرۆژەی کرۆکی سیاسەت (Policy Brief)، دەستپێشخەرییەکی زانستییە "ناوەندی توێژینەوەی سبەی" (SRC) لەڕێگەی پێشکەشکردنی داتای شیکارکراو، لەسەربنەمای توێژینەوە و تێڕوانینێکی بابەتیانە سەبارەت بە چەند پرسێکی گرنگی وەك "حوكمڕانی، بەشداری سیاسی و گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان" ئەنجامی دەدات. ئامانجی کارەکانی ناوەندەکە، بەرهەمهێنانی دارشتنی سیاسەتە (policymaking) لەسەر بنەمای بەڵگە و گوتارە گشتییە بەرچاوەکان. چالاکییەکانی ناوەندەکە سێ بواری سەرەکی لەخۆ دەگرێت: ***توێژینەوە، داکۆکیکردن لە دارشتنی سیاسەت، بەشداریکردنی گشتی***. لەم چوارچێوەیەدا، کرۆکی سیاسەت (Policy Brief) بەجۆرێك دارێژراوە، کە پوخت و ئاراستەکراوی سیاسی بێت

## کرۆکی سیاسەت

ئەم پەڕاوە؛ یەکەمین کرۆکی سیاسەتە لە زنجیرە بڵاوکراوەیەک، کە لەلایەن "ناوەندی توێژینەوەی سبەی" تایبەت بە پرسە گشتییە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە. ئامانجی زنجیرەکە؛ بەشداریکردنە لە گفتوگۆی سیاسی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی کردەیی پەیوەست بە حوکمڕانی و شیکارییەکی بونیادییەوە. ئەم کرۆکی سیاسەتە؛ تیشک دەخاتە سەر پەرەسەندنی بێباکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا. زیادبوونی بێمتمانەیی بە دامەزراوەکان و دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، مەترسی هەیە لەسەر لاوازبوونی دیموکراسی و ڕەوایەتی دامەزراوەکان. کرۆکی سیاسەتەکە هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی بونیادی، لە بێباکی سیاسی و کاریگەرییەکانی لەسەر حوکمڕانی پێشکەش بکات.

## کرۆکی سیاسەت 01

**نووسەر:** ئاهەنگ حەبیب هەورامی، ماستەر، توێژەر، ناوەندی توێژینەوەی سبەی - دنیا محەمەد، بەکالۆریۆس، بەرپرسی بەشی داتا و ڕاپرسی، ناوەندی توێژینەوەی سبەی.

**وەرگێڕان و دارشتنەوە:** فەرەیدوون عارف، ماستەر، توێژەر، ناوەندی توێژینەوەی سبەی - شانیا ئاری، ماستەر، ناوەندی توێژینەوەی سبەی.

**سەرپەرشتیار:** مەیسەم موراری، ماستەر، توێژەری سەربەخۆ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

**ڕێکخەری پرۆژە:** شانیا ئاری، ماستەر، ناوەندی توێژینەوەی سبەی.

لە چوارچێوەی پەرەسەندنی بێهیوایی سیاسیدا، گفتوگۆی کراوە و شیکاری باردۆخەکە پێویستی و گرنگییەکی حەتمییە. ئەم کرۆکی سیاسەتە، مەترسییەکانی سەر دیموکراسی "سەرهەڵدانی بێباکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، دەستنیشانکردنێکی کارا بۆ ئاڵنگاری و کێشە سیاسیەکان" دەخاتە ڕوو، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر پرۆسەی دیموکراسی هەیە. ئەم کرۆکی سیاسەتە لە هەوڵێکی بەردەومدایە بۆ پشتگیریکردنی گفتوگۆی بەردەوامی کێشە و ئاڵنگارییەکان بە مەبەستی بەهێزکردنی بەشداریکردنی مەدەنی، و پێشخستنی حوکمڕانییەك، کە زیاتر توانای وەڵامدانەوە و لێپرسینەوەی هەبێت بەرامبەر بە خەڵک.

## سوپاس و پێزانین

ناوەندی توێژینەوەی سبەی، سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی هەریەک لە بەڕێزان: ڕابەر تەڵعەت، بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوەی سبەی، کاردۆ ڕەشید، بەرپرسی بەشی تورکیاناسی لە ناوەندی توێژینەوەی سبەی، ڕێناس حەمەکەریم دەکات لە پای بەشداریکردن و هاوکاریکردنیان.

## پوختە

قووڵبوونەوەی بێباکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ڕەنگدانەوەی قەیرانێکی بنەڕەتییە لە پرسی حوکمڕانی و متمانەی گشتیدا. لە ماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا، پرسگەلێکی وەك "چەقبەستوویی سیاسی درێژخایەن، پێنەدان و دواکەوتنی مووچە، دابەزینی ڕێژەی بەشداری دەنگدان، و لاوازبوونی متمانە بە دامەزراوەکان" بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریی مەدەنییانەی هاوڵاتیانی کەمکردووەتەوە. بەپێی داتاکان، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتیان %87.4 بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە هەڵبژاردنی 2024 دادەبەزێت بۆ %71.93، کە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ لاوازبوونی متمانەی گشتی. بەپێی داتاکانی "ناوەندی توێژینەوەی سبەی" %64 بەشداربووانی ڕاپرسییەك متمانەیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییە، %36 متمانەیان بە دامەزراوەکان نییە، و %41.3 متمانەیان بە پرۆسەی سیاسی نییە. ئەم ڕێژانە، بوونی کەلێنێکی گەورە ئاشکرادەکەن، کە دواجار دەشێت بێت هەڕەشەیەك لەسەر سەقامگیریی دیموکراسی. لەم سۆنگەیەوە، ئەم نوسینە وەک هەنگاوی یەکەم، چالاککردنەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بەپێویست دەزانێت. پاشان پەسەندکردنی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان وەک چاکسازییەکی ڕیشەیی و چارەسەرێکی دووەمی، بەڵام سەرەکی. هاوکات پێشکەشکردنی دەستپێشخەرییەکی نیشتمانیی و یاسایی بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی گشتی و لێپرسینەوەی دامەزراوەیی، وەک پرۆژەیەکی درێژخایەنی خاوەن ئامانجی درێژخایەن.

تێبینی سەرەکی:

1 - نەبوون یاخود لاوازیی دەنگی ڕەخنەگران، فشارەکان بۆ چاکسازی کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی خراپبوون و داکەوتنی وردە وردەی سیستەمی سیاسی، بەو پێیەی حکومەت ڕووبەڕووی هیچ لێپرسینەوەیەک نابێتەوە.

2 - لەدەستدانی متمانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی لە دەستدانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و خەڵک ناچار دەکات بەرەو بازنەی بنەماڵەیی و خێڵەکی پاشەکشە بکەن.

3 -بێباکی سیاسی دەبێتە هۆی بێ ڕێسایی و یاسایی و پشێوی کۆمەڵایەتی، کە بە تێکچوونی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و هەستکردن بە نامۆبوون لە کۆمەڵگا دیاری دەکرێت.

4. ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە چالاکییە تاوانکارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ڕوو لە زیادبوون دەکەن، لەوانەش تاوانە داراییەکان، قاچاخچێتی، بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان.

### بۆچی دەنگدان؟ ئایا دەنگدان وا دەکات چاودێریی پزیشکی هەرزانتر بێت؟ یاخود دڵنیایی دەدرێت بۆ پێدانی مووچە لە کاتی خۆیدا؟ پێدەچێت وەڵامەکە "نەخێر"ێکی ڕوون بێت.

"چۆن لە 10 ساڵی ڕابردوودا بەشداریم لە هەڵبژاردنەکاندا نەکردووە؛ ئێستاش نایکەم، بۆچی بیکەم؟ ئایا دەبێتە هۆی پێدانی مووچەکەم لە کاتی خۆیدا؟ داخۆ خزمەتگوزاریی باشتر، ژینگەیەکی پاکتر، یان چاودێریی تەندروستیی هەرزانتر فەراهەم دەبێت؟ لەو باوەڕەدانیم ئەمە قسەی هاوڵاتییەکی تەمەن 60 ساڵەی هەرێمی کوردستان-عێراقە بەناوی (محەمەد). ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتە و چاوێکی

لەدەست داوە و مانگانە بەتەنها 150,000 هەزار دیناری عێراقی وەك مووچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت. محەمەد تەنیا نییە؛ ئەو یەکێکە لەو (812.662) کەسەی ناوچەکە، کە متمانەیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییە، تا ئەو ڕادەیەی خۆیان لە وەرگرتنی ناسنامە بایۆمەترییەکانیان بەدوور دەگرن. هەروەها یەکێکە لەو 6 ملیۆن دانیشتووەی ناوچەکە، کە لە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز و ناسەقامگیردا دەژین، بەتایبەت "فشاری ئەمنی، چەقبەستوویی سیاسی، و قەیرانی دارایی." ئەم جۆرە پاشەکشەیە مەترسیی لاوازکردنی پایەکانی دیموکراسی و دەرفەتی بەردەوامیی ناسەقامگیریی دامەزراوەیی زیاتر دەکات. بەو پێیەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیدایە، دەکرێت داخوران و نەمانی شەرعییەت بیخاتە بەر مەترسیی لاوازیی دەستووری و یاسایی. هەربۆیە ئەم "کرۆکی سیاسەتە -Policy Brief" ئاستی بێباکی سیاسی دەپێوێت، مەترسییەکان دەستنیشان دەکات و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات، و بە ئامانجی چارەسەرکردنیش، ڕێنمایی سیاسەتی ڕوون پێشکەش دەکات.

ئەم بێباکیەی دەبیندرێت پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت: ئایا ئەم دیاردەیە لە گۆڕەپانی سیاسیدا بە چی ناوزەد دەکرێت؟ یاکوبو (2012) بە (بێباکی سیاسی) پێناسەی دەکات، هەروەك بە بێباکی هاوڵاتییان بۆ بەشداری لە چالاکیە سیاسییەکانی وەک (هەڵبژاردن، ڕاپرسی، و بەرپرسیارێتییە مەدەنییەکان) وەسفی دەکات. کەسی بێباک گرنگیەکی ئەوتۆ بە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نیشتمانەکەی نادات. لە سەرەتادا وا دەبیندرێت، بێباکی سیاسی تەنها لە چوارچێوەی بەشداری لە "دەنگدان، یان دەنگنەدان" سنووردار ناکرێت، بەڵام وەک لەتیف (2025) جەختی لێ دەکاتەوە، کێشەکە زۆر لە سندوقی دەنگدان گەورەترە؛ بەجۆرێك ڕەنگدانەوەی بێهیواییەکی گشتگیرە لە بەشداری سیاسیی چالاکانەدا. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هۆکاری تر، لە دروستکردنی بێباکی سیاسیدا ڕۆڵیان هەیە و بەشدارن. میلز و ڕایزمان وای دەبینن، کە هەستکردن بە لەدەستدانی کاریگەری، نەبوونی ئارەزوو، و دووری لە دەسەڵاتدارانەوە لەو هۆکارانەن، کە دەبنە هۆی دوورکەوتنەوە، لاوازی سیاسی، و نائومێدی، کە ئەمەش لە بەرامبەردا بێباکی بەهێزتر دەکات. (مەحمود، 2022). ڕۆزنبێرگ ئەمەی بۆ زیاد دەکات، کە ڕەنگە سیاسەت نەتوانێت هەندێک لە پێداویستییە تاکەکەسییەکان دابین بکات، یان ڕەنگە تەنانەت بیانخاتە مەترسییەوە. لەو بارەیەوە سێ هۆکاری سەرەکی بێباکی سیاسی دیاری دەکات: (1)ڕەنگە تاکەکان بەهۆی هەستی خۆ بەکەمزانین، خۆیان لە سیاسەت بەدوور بگرن. (2) ڕەنگە فشارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ڕێگربن لە بەشداری سیاسی.(3) ڕەنگە سیاسەت شکست بهێنێت لە دابینکردنی پێداویستییە کەسییە هەنوکەییەکانی تاك. (مەحمود، 2022).

هەرێمی کوردستان-عێراق تاڕادەیەک وەك نموونەیەکی بەرجەستەی بێباکی سیاسی دەردەکەوێت. چونکە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، هەرێمەکە ڕووبەڕووی دۆخێکی ئاڵۆز و گرژیی سیاسیی درێژخایەن بووەتەوە: 6 ساڵ بەبێ هەڵبژاردنی پەرلەمان، 12 ساڵ کەمکردنەوە و بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە، خۆپیشاندانی بەردەوامی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیان، و ململانێ و

ڕکابەریی بەردەوامی نێوان دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان). پاشان ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە ساڵی 2017 و دەرەنجامەکانی، بەتایبەتی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017، کە بووە هۆی پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە. لەلایەکی ترەوە لاوازبوونی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی، کە (بزووتنەوەی گۆڕان) نوێنەرایەتی دەکرد، هاوکات پارتە ئۆپۆزسیۆنە نوێیەکانی وەک (نەوەی نوێ، بەرەی گەل، و هەڵوێست) بەدیارکەوتن. سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمانی لە 20ی ئۆکتۆبەری 2024 ئەنجامدا، (ماوەی 6 ساڵ جیاوازی لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوو لە 30ی ئەیلوولی 2018 هەبوو) بەڵام تا ئێستا، کە (زیاتر لە ساڵێك و شەش مانگ تێدەپەڕێت)، هێشتا پەرلەمان بە ناچالاکی و پەککەوتەیی ماوەتەوە و ئاسۆی پێکهێنانی دەیەمین کابینەی حکومەت نادیارە. ئەمەش کەلێنێکی گەورە و قووڵی سیاسی و دامەزراوەیی دروست کردووە و بووەتە هۆی بێباکییەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە سیاسەت؛ کە سەرەنجام هەرێمەکە لە دیمەنی سیاسی، دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتیدا لە دۆخی چەقبەستوویی تەواودایە. لە ژینگەیەکی لەمجۆرەدا، کە تاك هەست بە بێکاریگەریی و بێهیواییەکی زۆر دەکات، بە شێوەیەکی بەرچاو مەترسیی ڕەگ داکووتانی بێباکی سیاسی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا زیاتر دەبێت.

## چۆن حکومەتێکی دەوڵەمەندی خاوەنی سامانی نەوت، هێشتا هاوڵاتییەکانی چاوەڕێی مووچە دەکەن؟

هەڵسەنگاندنەکە لەلایەن "ناوەندی توێژینەوەی سبەی" بۆ کرۆکی سیاسەت-Policy Brief ئەنجامدراوە، بە بەکارهێنانی میتۆدی چەندێتی، کە لەسەر بنەمای دوو کۆمەڵە داتای سەرەکی دامەزراوە، کە لە دوو ڕاپرسیی جیاوازەوە وەرگیراون. ڕاپرسی یەکەم، لە مانگی ئازاری 2025 ئەنجامدراوە بە ناونیشانی "متمانەی گشتی و چەقبەستوویی سیاسی لە هەرێمی کوردستان- عێراق." ڕاپرسی دووەم لە تەمموزی 2025 ئەنجامدراوە، بە ناونیشانی "*تێگەیشتن و بەشداریی سیاسیی هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستان*." هەروەك شیکارییەکە پشت بە دوو پۆل داتای لاوەکی (دووەمی) دەبەستێت. یەکەمیان پەیوەندی بە ڕێژەی بەشداریکردن و بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە، کە لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا لە نێوان ساڵانی 1992 بۆ 2024 بەڕێوەچوون. *ئەم ئامارانە وەرگیراون لە توێژینەوەیەکی محەمەد ڕەئوف بە ناوی "هەڵبژاردنەکان لە کوردستان 1992–2021: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی-بەراوردکاری: وداتاکانی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن لەسەر دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2024*. کۆمەڵەی دووەمی داتا لاوەکییەکان پەیوەستە بە ژمارەی ئەو خۆپیشاندانەی، کە ساڵانە لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا ئەنجام دەدرێن، ئەمەش لە ڕاپۆرتی ساڵانەی تۆڕی هاوپەیمانی-19 (2025) وەرگیراوە، کە گروپێکی چاودێرییە و ڕووماڵ و چاودێریی چالاکییە مەدەنییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات. هۆکاری یەکخستنی ئەم دوو پۆلێنە داتایە، تەواوکارییەکی شیکارییە، چونکە هەر یەکێکیان ڕەهەندێکی جیاواز، بەڵام پەیوەست بە یەکتر لە هاوکێشە گەورەکەدا لەخۆ دەگرێت. لە کاتێکدا یەکێک لە کۆمەڵە داتاکان دابەزینی بەردەوامی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان نیشان

دەدات، کۆمەڵەی دووەمی داتاکان، متمانەی گشتی بەو دامەزراوە و پارتە سیاسییانە ڕوون دەکاتەوە، کە بۆ ماوەی نزیکەی 35 ساڵە حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان دەکەن. کۆمەڵە داتایەکی تر، زیاتر لەسەر متمانەی هاوڵاتییان بە هەڵبژاردنەکان دەکۆڵێتەوە، کە بە بەردی بناغەی ستانداردی حوکمڕانیی دیموکراسی دادەنرێت. هەموو ئەمانە پێکەوە و بە ئاوێتەکردنی ئەم نیشاندەرانە، دەرفەتی هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر لەسەر ئاست و ئاراستەی بێباکی سیاسی لە ناوچەکەدا دەدات. ئەمەش دەبێتە بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسییە ئەگەرییەکان و داڕشتنی ڕێنمایی سیاسەتیی ئاگایانە، لە پێناو پاراستنی سەقامگیریی دیموکراسی.

کۆمەڵە داتاکان لەسەر یەک دەرەنجامی جێگیر و ڕوون یەك دەگرنەوە: بەشداریی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە سەرجەم ڕەهەندە پێوانەکراوەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە؛ لەوانەش "بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، متمانە بە دامەزراوەکان، گوتار و چالاکی مەدەنی، و متمانە بە پارتە سیاسییەکان.

لە بەشەکانی داهاتوودا و بەشێوەیەکی سیستماتیک لەسەر هەر یەکێک لەم بوارانە لێکۆڵینەوە دەکرێت.

## دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا

دەتوانرێت بێباکی سیاسی لە ڕێگەی ئاماری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992دا بپێورێت. دیەن-1960 چەمکی بێباکی سیاسی بە چالاکی (دەنگدان یان دەنگنەدان) پێناسە دەکات. لە کاتێکدا داڵ و هاوکارانی –2017 وەک نەبوونی بەشدارییەکی سیاسی بەرفراوان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پێناسە دەکەن (Mahmud, 2022). بە پشت بەستن بەم لۆژیکە ئەکادیمیە، لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق. کە لە 19ی ئایاری 1992 بەڕێوەچوو، 87.4%ی دەنگدەرانی شایستە (تەمەنی یاسایی) بەشدارییان کردووە، لەکاتێکدا تەنها 12.6% بەشدارییان نەکردووە. لە خوولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا 30ی کانوونی دووەمی ساڵی 2005 ڕێژەی بەشداریکردن بۆ 75.6% کەمیکردووە، واتا 24.4% ی هاوڵاتیانی شایستە دەنگیان نەداوە. لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا 25ی تەمووزی ساڵی 2009، ڕێژەی بەشداریکردن زیاتر دابەزی بۆ 74.5%، واتا 25.5% دەنگیان نەدا. بەهەمان شێوە، لە هەڵبژاردنی 21ی ئەیلولی ساڵی 2013، ڕێژەی بەشداریکردن 73.9% بووە، کە 26.1 % دەنگیان نەداوە، لە کاتێکدا مافی دەنگدانیان هەبووە. ئەم دابەزینی ئاستی بەشدارییە بەردەوامی دەبێت، بەجۆرێك لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوولی 2018 دەبێتە 59.8٪، لەبەرامبەردا 40.2٪ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، دەنگیان نەدا (ڕەئوف،2023). گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە هەڵبژاردنی ساڵی 2018 یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردن بوو، کە تێیدا بەکارهێنانی کارتی بایۆمەتری بۆ دەنگدان پێویست بوو. هەرچەندە ئامارێکی ورد بەردەست نییە، تا بزانین چەند کەس لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا، بەهۆی وەرنەگرتنەوە، یان نەبوونی کارتی بایۆمەتری لە مافی دەنگدان بێبەش بوون؛ بەڵام داتاکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق

(IHEC)دەریدەخەن کە لە هەمان ساڵدا (2018) نزیکەی 7.7 ملیۆن کارتی بایۆمەتری لە سەرانسەری پارێزگاکانی وڵاتدا وەرنەگیراونەتەوە. ئەمەش تایبەتە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 12ی ئایاری 2018، لە کۆی 24.5 ملیۆن دەنگدەری شایستە. (Chirillo&Roddey, 2019) و (Iraqi News,2018). دەکرێت بڵێین ئەمە یەکەم هەنگاو بوو لە سەرهەڵدانی جۆرە جیاوازەکانی بایکۆتکردن، کە لە شێوەی وەرنەگرتنەوەی کارتی بایۆمەتری بەدیار کەوت. ئەم ئاراستەیە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا، کە لە 20ی تشرینی یەکەمی 2024 بەڕێوەچوو، بەردەوامی هەبوو. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە سروشتی بەشدارینەکردنەکە بەشێکی بەهۆی ئەو ڕێکارە یاسایی و تەکنیکییەوە بووە، کە پێویست بوو دەنگدەران کارتی بایۆمەتری تایبەت بە خۆیان هەبێت. سەبارەت بە دوایین هەڵبژاردن لە ساڵی 2024، ژمارەی ئەو هاوڵاتییانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، بریتیبوون لە (3.789.360) هاوڵاتی. لەو ژمارەیەش (2.899.061) هاوڵاتی لە نووسینگەکانی دروستکردنی کارتی بایۆمەتری خۆیان تۆمار کردووە، کە دەکاتە 76.50٪. لەنێویاندا (2.085.949) هاوڵاتی، کە دەکاتە 71.93٪ دەنگدەران بەشدارییان کردووە، لە کاتێکدا 28٪ دەنگیان نەداوە (Sabir, 2024). هەروەك لەنێو ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە و بۆ وەرگرتنی کارتی بایۆمەتری خۆیان تۆمار کردووە، بە ژمارە (812.662) کەسیان، کە دەکاتە 21٪ی ئەوانەی دەنگیان نەداوە، کارتی بایۆمەترییەکانیان وەرنەگرتووەتەوە. (Draw, 2025). ئەگەر سەرنج بدەینە ژمارەکان، ئاماژەی گۆڕانکارییەک لە شێوازی بایکۆتکردندا دەبینین، کە لە وەرنەگرتنەوە، یان دروستنەکردنی کارتی بایۆمەترییەوە دەست پێ دەکات، وەك ڕێگایەکی نوێ، کە هاوڵاتی خۆی لە هەڵبژاردنەکان بە دووردەگرێت، لە کاتێکدا هەڵبژاردن پرۆسەیەکە، کە بە "کرۆکی دیموکراسی" دادەنرێت.

## ناڕەزایەتی بەبێ بەشداری

بەردەوامی ناڕەزایەتییەکان و هاوکات دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، تیشک دەخاتە سەر پارادۆکسێک. بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی تۆڕی هاوپەیمانی 19. تەنها لە ساڵی (2025)، بە ژمارە 365 چالاکی مەدەنی هەبووە، لەوانە ناڕەزایەتی دژی دواکەوتنی مووچە، خراپی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، داواکاری بۆ ئازادی ڕادەربڕینی زیاتر، مافەکانی ژنان، ماف و خزمەتگوزارییەکانی خوێندکاران و داوای دامەزراندن و ڕەخساندنی هەلی کار (Alliance 19, 2026). لەم چوارچێوەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چالاکییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و مەدەنی نین. بەڵکو لە ڕێگەی کەناڵی جیاوازی نارێکخراو، و بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت، کە نوێنەرایەتی ڕەوایەتییەکی مەدەنی ناکات.

## دابەزینی متمانەی سیاسی و دامەزراوەیی

دەرەنجامەکانی ڕاپرسییەکی ناوەندی توێژینەوەی سبەی، بە ناونیشانی "متمانەی گشتی و چەقبەستوویی سیاسی لە هەرێمی کوردستان-عێراق" (March 2025)، دۆخی شکستخواردووی کایەی

سیاسی و دامەزراوەیی نیشان دەدەن؛ چونکە لەگەڵ دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، متمانەی هاوڵاتیان بە دامەزراوە سیاسییەکان، پەرلەمان، دادگا و دامەزراوە مەدەنییەکان ڕوو لە کەمبوونەوە و لاوازییە. بە پشتبەستن بە وەڵامی 1,590 بەشداربووی ڕاپرسییەکە لە سەرانسەری پارێزگاکان و شوێنە جیاوازەکانی نیشتەجێبوون، ئاستێکی نزم لە متمانە بە دامەزراوەکان دەبینرێت. بۆ نموونە گرافیکی 1 نیشانی دەدات، کە 41.3%ی بەشداربووان متمانەیان بە هیچ لایەنێکی سیاسیی نییە، کە بتوانێت دۆخی چەقبەستوویی سیاسی بگۆڕێت و سەقامگیری مسۆگەر بکات. بەپێی گرافیکی 2 بۆمان دەردەکەوێت 77.7% بەشداربووان پێیان وایە چەقبەستوویی سیاسی و دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان هەبووە. سەرەڕای ئەوەش، 39.6%ی بەشداربووان گەشبین نین بەوەی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش (نەورۆزی 21ی ئازاری 2025) پێکبهێنرێت وەک لە گرافیکی 3 دا هاتووە (Sbey, 2025). هەروەها، لە ڕاپرسی تەمموزی 2025 بە ناونیشانی "تێگەیشتن و بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان" کە لەسەر بنەمای 1512 نموونەی چاوپێکەوتنە؛ دەردەکەوێت 36%ی بەشداربووان متمانەیان بە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم نییە- بڕوانە گرافیکی 4. هەروەها 64%ی بەشداربووان ڕایانگەیاندووە: متمانەیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییە - بڕوانە گرافیکی5 . هەروەها گرافیکی 6 ئەوە نیشان دەدات، کە 94%ی بەشداربووان باس لەوە دەکەن؛ لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بەشدارییان لە خۆپیشاندان، یان هیچ جۆرە چالاکییەکی مەدەنیدا نەکردووە. هەروەك گرافیکی 7 نیشانی دەدات، کە 51%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئاماژە بەوە دەکەن؛ ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی نین و هیچ نیازێکیشیان نییە ببنە ئەندام. لە هەمان ڕاپرسیدا بە ڕێژەی 76%ی بەشداربووان ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەرگیز ناوەڕۆکی سیاسی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوناکەنەوە، یان هاوبەشی پێناکەن - بڕوانە گرافیکی8. هەروەها 46%ی بەشداربووان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەشداری گفتوگۆی سیاسی لە ماڵەوە، یان لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا ناکەن- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە گرافیکی 9 (Sbey, 2025).

*تێبینی: بۆ بینینی گرافیکەکان بڕوانە لاپەڕە 9-11.*

## دەرەنجام

دەرەنجامەکانی ئەم کرۆکی سیاسەتە (Policy Brief)، ئەوە دەردەخەن؛ لە هەرێمی کوردستاندا بێزارییەکی قووڵ بەدیدەکرێت، کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلێنەی لەنێوان هاوڵاتیان و کەمتەرخەمی حکومەتدا لە پەیوەندیدا بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانەوە هەیە. ئەمەش کرۆکی بێهیوایی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی بێباکی سیاسی. هەروەها دەرەنجامەکان بنەما سەرەکییەکانی تیۆری متمانەی سیاسی پشتڕاست دەکەنەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو متمانەیە دەکات کە هاوڵاتیان بە دامەزراوە سیاسییەکان هەیانە. لە ڕوانگەی تیۆری متمانەی سیاسییەوە، ئەنجامی هەڵبژاردن و باروودۆخی ئابووری کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئاستی متمانە بە دامەزراوە فەرمییەکان هەیە. هەروەك بەپێی دەرەنجامی ئەو داتایانەی لە باسەکانی سەرەوەدا ئاماژەمان پێکردووە، بۆمان دەردەکەوێت؛ زیاتر لە نیوەی

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان متمانەیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییە و بەنزیکەی نیوەی دانیشتوانیش متمانەیان بە هیچ لایەنێکی سیاسی نییە. تیۆرییە سیاسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، هەڵسەنگاندنی هەردوو ئاستی متمانەی سیاسی هاوڵاتیان، (متمانەکە بەرز بێت، یان نزم) تێڕوانینێکی جەوهەریی بۆ سەقامگیری سیستەمی سیاسی پێشکەش دەکات. ئەم دیدگایە لە دوو لایەنەوە یارمەتیدەرە، یەکەم؛ چۆن ئەنجامەکانی ئێستا پێناسە بکەین؟ دووەم؛ بۆ تیشک خستنە سەر ئەوەی چۆن دەکرێت کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی کاریگەری لەسەر خۆڕاگری و بەردەوامیی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە ناو عێراقدا (Turper & Aarts, 2017).

لە کۆتاییدا، شیکاریی داتاکان بە ڕوونی ئەوە دەردەخەن، کە متمانەی گشتی بە پرۆسە و دامەزراوە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق بە خێرایی لە دابەزیندایە، لە کاتێکدا بێباکی سیاسی تا دێت بەربڵاوتر دەبێت. بۆیە ئەم کرۆکی سیاسەتە (Policy Brief) هەوڵدەدات چارەسەری ئەم بۆشاییەی نێوان هاوڵاتیان و دامەزراوەکان بکات.

## لە بێباکی سیاسییەوە بۆ ئیفلیجیی دامەزراوەیی: داکەوتنی خۆڕاگری سیاسی

ئەگەر دۆخی هەرێمی کوردستان- عێراق بەم قەیرانە سیاسی و ئابوورییە ناوخۆییانەوە بەردەوام بێت، ئەوا بەهۆی ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی لە سەرانسەری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ ئاڵۆزتر دەبێت. بۆیە ئەگەری بەهێز ئەوەیە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئیفلیجی زیاتری دامەزراوەیی دەبێتەوە. لەوانە:

1-داکەوتنی بنەما دیموکراسییەکان، چونکە بنەما دیموکراسییەکان، نوێنەرایەتی بەشداریکردن و بەدواداچوون لە بەشداریکردن و نەکردن دەکەن.

2-کەمیی ڕێژەی بەشداری دەنگدەر ڕەوایەتی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن کەم دەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دۆخێک، کە ڕەنگە بەرپرسانی هەڵبژێردراو بەڕاستی نوێنەر و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی دەنگی خەڵک نەبن.

3-یەکێکی دیکە لە دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکان، دەستبەسەرداگرتنی دامەزراوەکانە لەلایەن دەستەبژێرێکەوە (گروپێك) نزیك لە پارتە دەسەڵاتدارەکان). چونکە کاتێک زۆرینەی دانیشتووان بە ناچالاک دەمێننەوە و بەشدارنابن لە پرۆسەی دەنگدان و چالاکیە سیاسییەکان، ئەوە هەلێك بۆ دەستەبژێرێك دەڕەخسێنێت، کە دەبێتە هۆی هەرکاریگەرییەکی نارێژەیی لەسەر بڕیاردان.

4-لاوازی حوکمڕانی و لێپرسینەوە؛ بەو پێیەی بەشداری کەمە، کەسانی بڕیاردەر کەمتر هەست بە لێپرسینەوە دەکەن بەرامبەر بە دەنگدەران.

5-بێباکی سیاسی، دەکرێت ببێتە هۆی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی بە پلەی یەکەم خزمەت بە بەرژەوەندی دەستەبژێر دەکەن؛ بەمەش نایەکسانی کۆمەڵایەتی و خراپی دۆخی ئابووری زیاتر دەبێت.

6-ڕێگری لە گەشەکردن؛ کولتووری بەربڵاوی بێباکی سیاسی ڕێگری دەکات لە بەدیهێنانی سیستەمێکی دیموکراسی زیندوو، و گشتگیر.

7-دروستبوونی بێباکی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا؛ چونکە لە دۆخی کەمی بەشداریدا،


لایەنەکان گرنگی بە بیروڕای گشتی نادەن؛ ئەمەش داکەوتنی دیموکراسی دروست دەکات و دەبێتە هۆی پۆپۆلیزمی سیاسی.

**پێشنیاز:**

- کاراکردنەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جوڵەیەکی گرنگی دامەزراوەییە. بۆیە کاراکردنەوەی پەرلەمان تەنیا ڕێکارێک نییە؛ بەڵکو هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ سەقامگیری دارایی، لێپرسینەوەی حکومەت و نوێکردنەوەی حوکمڕانی دیموکراسی.
- لە ماوەی 24 ساڵی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان لە هەر چوار هەوڵەکەیدا بۆ بەدامەزراوەییکردنی حوکمڕانی خۆی لە ڕێگەی دەستوورێکی فەرمییەوە، سەرکەوتوو نەبوو. ڕەشنووسێکی ماددەی 78، کە لە ساڵی 2002 پەسەندکرابوو، وەک پرۆژەیەک مایەوە؛ هەروەها وەشانێکی پێداچوونەوەکراو، کە لە 122 مادده پێکهاتبوو لە ساڵی 2005 بەهەمان شێوە، نەیتوانی پەسەندی بکات. هەروەها بەپێی یاساکانی ژمارە 8 و 9 و 10ی ساڵی 2009، پەرلەمان ڕەشنووسێکی پەسەندکرد و داوای ڕیفراندۆمی کرد (25ی حوزەیرانی2009)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی" ڕەتیکردەوە ڕەشنووسەکە بخاتە هەڵبژرادنی 6ی تەمموزی 2009. لە ساڵی 2015 بەپێی یاسای ژمارە 4 لیژنەکەیان دامەزراند، کە لە 20 ئەندام پەرلەمان و لیژنەیەکی یاسایی پێکهاتبوو ، بەڵام ڕەشنووسەکە تەواو نەکرا. هەروەها پرۆسەی نوێبوونەوە لە نێوان ساڵانی 2019 بۆ 2022 لە سەردەمی ڕێواس فایەق، سەرۆکی ئەو کاتەی پەرلەمان نەگەیشتە ئەنجام. هەربۆیە ئەم بۆشاییە درێژخایەنە دەستورییە بۆتە هۆی لاوازبوونی دامەزراوەکان و داکەوتنی دیموکراسی و ڕێگەی بە حوکمڕانی داوە بەپێی بەرژەوەندییە حزبییەکان کار بکات، نەک بنەما دەستورییەکان. کەواتە نوسینەوەی دەستور دەبێتە کرۆکی چارەسەری کێشەکانی هەرێم.
- بۆ چارەسەرکردنی فراوانبوونی بۆشایی نێوان دامەزراوەکان و هاوڵاتیان، ئەم کرۆکی سیاسەتە (Policy Brief) پێشنیازی دەستپێکردنی دەستپێشخەرییەکی نیشتمانی گشتگیر دەکات، کە بەشێوەیەکی یاسایی لەلایەن پەرلەمانەوە فەرمانی پێکراوە، بە ئامانجی دووبارە بنیاتنانەوەی متمانەی گشتی. چونکە چەقبەستوویی سیاسی و ناسەقامگیری دارایی و گەشەسەندنی نارێکی دامەزراوەیی، هەموو ئەمانە متمانەیان بە حوکمڕانی لاواز کردووە. بۆیە دەستپێشخەری چاکسازی لەسەر بنەمای یاسا، کە "شەفافیەت، لێپرسینەوە و بەشداریکردن" لەخۆدەگرێت، ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی یەکلاکەرەوە بەرەو ئیدارەدان و بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای یاسا و چەسپاندنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

**گرافیک 1**


**زۆرترین متمانەت بەکام لایەن، یان سەرکردەی سیاسی هەیە بۆ تێپەڕاندی ئەم دۆخەو چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ئێستا؟**




سەرچاوە: ناوەندی توێژینەوەی سبەی (2025)

**گرافیک 2**


**ئایا ناکۆکییە سیاسییەکان و دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی حکومەت، کاریگەری لەسەر دۆخی تایبەتتان هەبووە؟**




سەرچاوە: ناوەندی توێژینەوەی سبەی (2025)

**گرافیک 3**


**تا چەند گەشبینن بە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، پێش نەورۆزی ئەمساڵ؟**




سەرچاوە: ناوەندی توێژینەوەی سبەی (2025)

**گرافیک 4**


**تا چ ڕادەیەک متمانەتان بە دامەزراوەکانی (سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری) هەیە؟**




سەرچاوە: ناوەندی توێژینەوەی سبەی (2025)

**گرافیک 5**


### ئەگەر بەشداری لە هەڵبژاردندا ناکەن، یان دڵنیانین، هۆکاری چییە؟




سەرچاوە: ناوەندی توێژینەوەی سبەی (2025)

**گرافیک 6**


### ئایا لەماوەی 3 ساڵی ڕابردوودا بەشداریتان لە هیچ خۆپیشاندانێک، یان چالاکییەکی مەدەنی کردوە؟




سەرچاوە: ناوەندی توێژینەوەی سبەی (2025)

**گرافیک 7**

### ئایا ئەندام، یان لایەنگری هیچ پارتێکی سیاسی، یان ڕێکخراوێکی سیاسین؟




سەرچاوە: ناوەندی توێژینەوەی سبەی (2025)

## سەرچاوەکان


Dahl, V., Amnå, E., Banaji, S., Landberg, M., Šerek, J., Ribeiro, N., Beilmann, M., Pavlopoulos, V., & Zani, B. (2017). Apathy or alienation? Political passivity among youths across eight European Union countries. European Journal of Developmental Psychology, 15, 284- 301. https://doi.org/10.1080/17405629.2017.1404985

Draw Media Institute. (2023). Key to Elections 1992 – 2021 Position of Kurdistan Political Parties in General Elections, First Edition.

Hirschman, A. O. (1970). Exit, voice, and loyalty: Responses to decline in firms, organizations, and states. Harvard University Press. https://share.google/FFAVxw7K8uQ2WtBQQ

International Organization for Migration. (2016). Migration flows from Iraq to Europe: Reasons behind migration. IOM Iraq https://iraq.iom.int/resources/migration-flows-iraq-europe

Iraqi news. (2018, May 13). Iraq: 44.5 percent of eligible voters cast ballots in parliamentary polls. https://www.iraqinews.com/features/iraq-44-5-percent-of-eligible-voters-cast-ballots-in-parliamentary-polls/

Kurdistan region parliament. (2022). History of constitution project in Kurdistan region of Iraq. https://legislation.krd/constitution

Latifi, V. (2015). Factors Influencing Political Apathy: Comparative Context of the Political Culture and Apathy. Bulgarian Historical Review, 3-4, 193-211.

Mahmud, M. H. (2022). The relationship between belief in conspiracy theories and political apathy. Polish Psychological Bulletin, 53(4). https://doi.org/10.24425/ppb.2022.143373

NATO Strategic Direction South Hub, & Policy Center for the New South. (2021). The challenge of the youth bulge in Africa and the Middle East: Migration and the brain drain. NSD-S Hub. https://share.google/w4H4VpM7R367VKX9X

Network 14. (2026). Annual Statistics of protests in the Kurdistan Region in. https://www.facebook.com/share/p/1HEHo9EcZU/

Rauf, M. (2023). Elections in Kurdistan 1992 - 2021, an analytical-comparative study, third edition.

Rauf, M. (2023). Elections in Kurdistan 1992 – 2021, an analytical-comparative study, third edition,

Rosenberg, M. (1951). The Meaning of Politics in Mass Society. The Public Opinion Quarterly, 15(1). Retrieved July 31, 2020. https://www.jstor.org/stable/2745747

Sbey Research. (2025). Public Trust & Political Stagnation in the Kurdistan Region of Iraq.

Sbey Research. (2025). Understanding and Political Participation of Citizens in the Kurdistan Region. https://sbeyresearch.com/researches/53

Srole, L. (1956). Social integration and certain corollaries: An exploratory study. American Sociological Review, 21(6), 709–716. https://doi.org/10.2307/2088422

Turper, S., & Aarts, K. (2017). Political trust and sophistication: Taking measurement seriously. Social Indicators Research, 130(1). https://doi.org/10.1007/s11205-015-1182-4

United Nations Office on Drugs and Crime. (2025). UNODC in Iraq snapshot 2024. UNODC Regional Office for the Middle East and North Africa https://www.unodc.org/middleeastandnorthafrica/en/index.html

Valadbigi, A., & Harutyunyan, B. (2012). Trust: The social virtues and the creation of prosperity by Francis Fukuyama. Studies of Changing Societies: Comparative and Interdisciplinary Focus, 1(1), 80–95. https://ciaotest.cc.columbia.edu/journals/scs/v1i1/f_0026836_22565.pdf

Yakubu, Y. A. (2012). Democracy and Political Apathy in Nigeria (1999-2012). European Scientific Journal, 8(20).